# ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن تێیاندا: ڕۆژی شکاندنی ڕۆژووەکانتان^، وئەوڕۆژەی: لە قوربانیەکانتان دەخۆن

لە ئەبی عوبەید، مەولای ئیبن ئەزهەر؛ دەڵێت: «ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت-، ووتی: «ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن تێیاندا: ڕۆژی شکاندنی ڕۆژووەکانتان^، وئەوڕۆژەی: لە قوربانیەکانتان دەخۆن^^». ^(مەبەستی: یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە)، ^^(مەبەستی: ڕۆژەکانی جەژنی قوربانە

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن لە ڕۆژی جەژنی ڕۆژووشکاندن -ڕەمەزان- وڕۆژەکانی جەژنی قوربان؛ جەژنی ڕۆژووشکاندن بریتیە لە ڕۆژی شکاندنی ڕۆژوو لەپاش گرتنی ڕۆژوو لە مانگی ڕەمەزان، وڕۆژەکانی جەژنی قوربان بریتین لەو ڕۆژانەی تێیاندا قوربانی دەکرێت ولێیان دەخورێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4527